


## سەفەر سەلامەت کچەکەم

بەر لە سەفەر
هەموو کاڵبوونەوەکانت بە من بە خشە
هەناری هەموو برکێکت ،
بەسەر چڵی دڵمەوە کە
تادێتەوە
بە چاوی تۆ
بە ئاوی چاو ،
ئاوی گوڵەکانت دەدەم !
تادێیتەوە بە چاوی تۆ
بە فڕینی کۆتری دڵ
نازی پەروانەکانت هەڵدەگرم !

تادێیتەوە تاقانەکەم

لە دووتوێی کتێبەکانتا دادەنیشم

لە شینایی  بەیت و شیعرا

من کەروێشکی جوانییەکانت

خەپانە خەپانە دەکەم

هە تا دێیتەوە کچەکەم

بە چاوی تۆ

لەسەر شەختەی بێ ئۆقرەیی

چامەیەک لەڕەنگی بەفر هەڵدەشێلم

فرسەت دێنم

یەکە یەکە

عەترەکانت خاڵی دەکەم

فرسەت دێنم

بە قەڵەمێ

لە قەڵەمی ناو جەنتاکەت

شووشەی

پەنجەرەکەم

بە ناوی خۆت خەڵتان دەکەم !

سەفەر سەلامەت کچەکەم

بەرلەسەفەر

پڕم کە لە ناساغی خۆت

بە باخەوانی ئازار و تەنیایم کە

هۆ تاقانه
کانی چاوم
قەزاوەگێڕی فرمێسک و
باخی ئاهم
قەزاوەگێڕی دڵت بێ !
هۆ تاقانه
قەزای دەشتی پەڕاوێکت
لەوڵاتی سەری سپیم کەوێ
قەزای نمەی
هەناسەیەکی شیرینت
له خوڕەمی
دوکەڵاوی هەناسەی من کەوێ
هۆ تاقانه
هەناری دڵه مزرەکەی باوکت
به میوانی هەرمێلەکەی دڵی تۆ بێ !
هەموو دەشته
سەوزەکانی پێکەنینیم
به میوانی
چنگێ لۆکەی
بزەی تۆ بێ !
سەفەرسەلامەت کچەکەم
تادێیتەوه

لە دووتویی کتێبەکانتا دادەنیشم
چامەیەک لە ڕەنگی بەفر هەڵدەشێلم
بەوەی مەگرە هۆ تاقانە
چۆلەکە باوکانەیەکی doورم
من هەمیشە پایزێکم
لە ڕەنگی گەڵاکانی تۆ
بەهارێکم لە جواناوی تەنیایی تۆ
بەوەی مەگرە هۆ تاقانە
ئەمێستا من بازی دوورم
وەلێ ژووان
کازیوان لە شانی گوڵەکانت
سەرنجێک بە
عاشقترین پەروانەی ناو گوڵەکانت
مەحزوونترین پەروانەی ناو گوڵەکانت
پەروانەی دڵمە سەرنج بە !
یان هەینیان تاقانەکەم
کە دەچیتە
سەر مەزاری (نیگا)ی هاوڕێ و
بناوچەکەی کۆستی تازە
تەواشای ڕەشتاڵەترین
چۆلەکەی سەر ئەرخەوان کە
لە مەحزوونترین چۆلەکە ووردبەرەوە

چۆلەکەکانی چاوانی باوکت
کچەکەم زوو ئاشنا دەبن !
بەوەی مەگرە ئەمێستا کە
کە من دوورم
ئەوە منم
لە ڕاگووزەری مەکتەبتا
وەک سێبەرێ ، لڤێکس و کتێبەکانت
بۆ هەڵدەگرم !
ئەوە منم
بە پاڵ عەتری
نیرگزێکی عەیارەوە
بە عەتری دڵ
ئاوڕشێنی باڵات دەکەم !
ئەوە منم ، بەپاڵ ئەوینی خاک و
سێبەری گۆمە شینەوە
سروودەکانی تەمەنت لەبەر دەکەم
ئەوە منم ، ئەوە منم
تاقانەکەم ئەوە منم !!

بەهاری 2005/ئەڵمانیا

www.dengekan.com